# ڕوویـــەکی تری تـــــیرۆر



چۆمسکی لە پێناسەیەکیدا بۆ تیرۆر دەڵێت
تیرۆر بریتیە لە قەلاچۆکردنی تیرۆر ، ئەوکەسەی توندو تیژی ئەنجام دەدات پێی دەوترێت تیرۆرست . تاقە جیاوازی سەرەکی لە نێوانیاندا ئەوەیە ، ئەگەر کەسێك ئەنجامیبدات ئێمە لایەنگری نەبین و خۆشمان نەوێت ، ئەوە تیرۆرە ، بەلاّم ئەگەر کەسێك ئەنجامی بدات ، کە ئێمە خۆشمان دەوێت ، وەلەبەرژەوەندی ئێمە بێت ، ئەوە بریتیە لە قەلاچۆکردنی تیرۆر . جگەلەم جیاوازیە هەموو ئەوکارانەی لەهەردوو لاوە ئەنجام دەدرێت وەك یەك وان ..
هەرچەندە کۆ دەنگێك وەرێك کەوتنێکی گشتی نیە لەسەر مانا و ئەوکەسەی بەتیرۆرست ناودەبرێت . چیە و کێیە ، بەلاّم کارەکەی مەعلومە کەتوندو تیژیە . لێرەوە ئەوە گرنگە کیٚ پێناسەی تیرۆر دەکات ، سیاغەی بریارێك دادەرێژێت ، بە پێی ئەم بریارە ، کۆمەڵێك دەبن بەتیرۆرست و ، کۆمەڵێك دژی تیرۆر . ئەمەش بۆخۆی جۆرێکە لە پیشە سازی دروست کردنی تیرۆر

لەماوەی چەند مانگی ڕابردودا لەکوردستان لەگەڵ چەندین کێشە ڕوبەرو بووین ، لەهەموویان فراوانتر ، کێشەکەی دکتور کەمال و مەریوان هەڵە بجییە . کە هەردووکیان لەدەرگای دووبابەتی کۆمەلاّیەتی گرنگیان داوە ، یەکێکیان مێژووی سیاسی ، ئەویتریان مێژووی دینی ، ئێمەیە ، هەربەم هۆیەشەوە خراونەتە قەفەسی ئیتهامەوە . بەشێوەیەك لەشێوەکان تیرۆر کراون .

مێژووی سیاسی ئێمە مێژوویەکی زۆر دور و درێژی نیە ، کەمتر لەسەد ساڵە بونی هەیە ، بەلاّم سەرا پای ناکۆکی و سڕینەوە و تیرۆر ی فیکری و مەعنەوی وفیزیکی بووە . ئەم تیرۆرەش بە ئەتمۆسفیریك ی بارگاوی بەئایدۆلۆژیا ، وەبەشاراوەی ماوەتەوە . هەموو ئەو کەسانەی دەورو نەخشیان هەبوە ، وە بەشدار بوون لەدروست کردنی ئەم مێژوەدا بەشێك لە ڕاستیان لەلایە بەلاّم هیچ کاتێك هیچ کەسێکیان ئامادە نەبوون ڕاستیەکان بدرکێنن ، نەخۆیان ئەم کارەیان کردوە نە ڕێگایان بەکەسیش داوەکارێکی وابکات ، لەجیاتی ئەوەی ڕاستیەکان ئاشکرا بکەن و مێژوویەکی بێخەوش ڕاست درووست بکەن ، هەوڵیانداوە زیاتر ڕاستیەکان بشارنەوە .
بەلاّم شاردنەوەی ڕاستیەکان لەبەرژەوەندی کێدایە ؟ ڕەنگە بەشێکی گەورەی پەیوەندی بەترسەوە هەبێت ، ترس لەدەسەلاّت ، ترس لە حەقیقەت ، لە واقیعیەتی بزوتنەوەکە ، ترس لە مسداقیەتی کۆمەلاّیەتی مەسەلەی نەتەوایەتی .....هتد .
کارەکتەری سەرەکی ئەم یاریەش ئەحزابی سیاسی بووە . ئەمەش هیچ نیە جگە لە کۆششی ئەم دەسەلاّتە بۆ کۆنترۆڵکردنی هێزی کۆمەلاّیەتی ، هەوڵ دانە بۆ دەست گرتن بەسەر واقع وبەکاربردنی ئەم واقعە . چونکە واقع بریتیە لە هێز ، هێزیش واقعی نویٚ دەخولقێنێت ، مێژوو دروست دەکات .
کاری سەرەکی مرۆڤ کەشفی حەقیقەتە ، بەلاّم چۆن ؟ میکانیزمەکانی گەیشتنە حەقیقەت چین ؟ لەکام ڕێگایەوە دەیگینیٚ ؟ ئەمە گرنگە . ئەگەر ئەوەی دکتۆر کەمال دەیڵێت حەقیقەتە ؟ بۆ شاراوە بێت ؟ ئەگەر بەشێکە لە مێژوو ، ئەم مێژوە ڕۆژێك

هەر ئاشکا دەبێت . ئەگەر مێژووی سیاسی ئێمە لەسەر ڕاستی و حەقیقەت بیناکراوە ، بۆ ئێمە لە چێك كردنی و پشكنینی بترسین ؟ ئەگەر حەقیقەتی تێدایە ؟ ئەوا هەر پشکنینێکیشی بۆخۆی سەلماندنەوەشیەتی !! ئەگەر نا ، کەواتە پایەکانی زۆر لەوە لاوازترو لەرزۆکترە ، تەحەموولی بچووکترین لێکۆڵینەوە بکات ؟! لەبەر وتنی هەر ڕاستیەکدا پێویستت بەسەلماندنی ڕاست و دروستی هەیە ، یان لایەنی بەرامبەر بۆ ئامادە نیە ڕاستیەکان بڵێت ؟! گرتن و زیندانی کردنی کەسێك بەسی ساڵ زیندانی ، تەنها بەتۆمەتی ووتنی دوو دێڕ لە ڕاستی . بزوتنەوەیەك کە خۆی بەڕابەری ئەم میللەتە دەزانێت ، چییە جگە لە تیرۆر ؟ جگە لەم زمانە دەسەلات زمانێکی تر شك نابات بۆ وەلام دانەوە و ووتنی ڕاستیەکان . !

نیشتیمان و نەتەوە لەسەرجەم زمانەکانی دنیاداخاوەنی ڕەگەزێکی مێن ، ناسیۆنالیزمیش نیشتیمانی کردوە بە دایکی نەوەکانی ئەو سەرزەمینە ، کاتێك نەوەکان خیانەت لەنیشتمان دەکەن ،بەم مەفهومە خیانەت لە دایکیان دەکەن ، بۆ یە هەرکاتێك ڕاستی و واقیعیەتی بزوتنەوەیەکی ناسیۆنالستی ونیشتیمان پەروەر ئاشکرا دەبێت ، تاوان باردەکرێت بەخیانەت . توند ترین بەرگری دەکات . بەلام ئایە واقیعەن خیانەتی کردوە یان نەو ؟ تەنها پێویستمان بەسەلماندنی ئەم ڕستەیە هەیە . دکتۆر کەمال قسەی خۆی کردووە و پەشیمانیش نیە لەوەی ووتویەتی ، وەبەرگریشی لێدەکات . بەلام لەبەرامبەر دا گوێمان لەهیچ نەبوو ناڕاستی قسەکانی ئەو بسەلمێنێت ، جگە لەزمانی گرتن و تیرۆر . بۆیە هەرکاتێك تێدەگەین بزوتنەوەیەکی نیشتیمان پەروەر ، نا نیشتیمان پەروەری کردوە خیانەتی لەدایکی نیشتیمان کردووە . ئەوا مسداقیەتی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە ، وە پێویستە هەریەکەمان بیخەینە بەردەم دادگایەکی وویژدانی و بەئینتیمامانداا بچینەوە ... دیوێکی تری موقەدەسەکانی هەر نەتەوەیەك ، لە پاڵ نیشتیمان و نەتەوەدا ، دیینە ،بۆیە هەمیشە بەشێکی گرنگی لە ووشیاری نەتەوە داگیر کردوە . کورد بەدیانەت ئیسلامە .

ئیسلام چواردە سەدە زیاترە توانیویەتی هە یمەنەی دەسەلاتی ڕۆحی و ئەخلاقی و زانستی درێژە پێبدات ، ستراکتۆری کۆمەڵگا پێك بهێنێت . تەنها بەقەدەغە کردن و حەرام کردنی دەست بردن بۆ پایەکانی . هەر لێکۆڵینەوە و خستنە ژێر پرسیارێکی بچوکترین بەش لەدین مایەی گومڕاییە ،توندترین سزاش چاوەڕێتە . بۆیە تائێستاش کەمترین زانیاری و لێکۆڵینەوەمان لەبەردەستدایە . تا ئێستاش توند ترین بەرگری دەکات لەم بوارەدا . تا تەمەنێکی درێژتر بڕوات ، هەر پرسیارێك ، گومانێك ،واتە هەژاندنی پایەکانی ئیسلام . بەشێك لەدین ئەگەر نەڵێین هەمووی ، دۆگمایە ، ڕێگا نادات بەئەزموون کردنی ، شیکردنەوە و تێگەیشتن وە گەیشتنە حەقیقەت ، واتە تەنها وشیاریەکە پشت دەبەستێت بەئیمان ، لێرەوە دەبینین ئیمان ئەڵتەرناتیڤی عەقڵە ،

عەقڵ واتە گومان ، پرسیارو ووشیاری ناجێگیر ، ئیمان واتە نەبونی گومان ، نەبوونی پرسیار، ووشیاری تەواو جێگیر ، باوەڕ ، ملکەچی . بەلام مرۆڤ جگە لەعەقڵ و ئەزموونەکانی چیتری هەیە ، بۆ کەشف کردن و سەلماندنی حەقیقەت ؟ دین هەمیشە مرۆڤ دابەش دەکات بۆ دووبەش ، ئیماندار، ئەوانەی هەڵگر و مدافعی ئیمانن ، ئەوانەی بچوکترین گومانیان نیە ، بوونی هەر گومانێك ڕاستەوخۆ دەخاتە ڕیزی دووهەمەوە ، ئەوانەشی بێئیمانن ، واتە خاوەنی بیرو ڕایەکی ئازادن ، ناپابەندن ، واتە ئەوانەی عەقڵ دەکەنە ڕابەری خۆیان ، لەڕاستیدا خاوەن ئیمانەکان هەمیشە پێویستیان بەبەشی دووەم هەیە ، تاوەزیفەی دوژمنی پێببەخشن ، لەم ڕێگایەشەوە درێژە بە تەمەنی خۆیان بدەن . لێرەشەوە دین داوامان لێدەکات

بڕوا بێنین بە کۆمەڵێك مەدلول و نەزانراو ، بۆشمان نیە بیر لە ڕاستی و دروستی بکەینەوە ، یان گوما نمان هەبێت لەبونی . بەڵام ئەگەر بوینە خاوەنی گومان واتە ئازاد بووین ئەوا ئیما نمان لەدەست داوە پێویستە سزا بدرێین ، ئەمەش لاوازترین خاڵە لەدیندا . چوونکە ئەگەر حەقیقەت بەرگەی گومان نەگرێت ، واتە حەقیقەت نیە ، ترس لەمە وادەکات ڕێگا نەدرێت ببینە خاوەنی گومان لای دینیەکان . ئەی ئەگەر گوما نمان لادروست بوو ؟ ڕەنگە تائاستی کوشتن مەحکوم بین . کوشتن لە تەواوی دینەکاندا حەرام و یاساغە ، لەگەڵ ئەوەشدا هەر خودی دین فۆڕمی چەندین شێوەی لە کوشتنی شەرعیمان پیشان دەدات ...

هەموو ئەمانە چ لەلای ناسیۆنالیزم و بزوتنەوەی کوردایەتی ، چ لەلای دینیەکان بونەتە پرەنسیپ و جۆرێك لەئاکار و ئەخلاق ، وەکاریشیان بۆ چەسپاندنی کردوە تابیکەنە بەشێك لە ئەخلاقیەتی کۆمەڵگا .. پشت بەستن بەو قسەیەی دەڵێت ڕەوشت خۆی ووشەیەکی بێلایەنە ، ئەوە ئێمەی مرۆڤین تەوزیفی دەکەین ، کاری بۆ دیاری دەکەین ، لە پاڵ ئەمەدا نیچە پێی وایە .

ئەخلاق هیچ بنچینەیەکی سروشتی نیە ، بەڵکە مرۆڤ بەخۆی ( ئەخلاق ) ی داهێناوە . ئیتر لەوساتەوە مێژوو سەری هەڵداوە کەمرۆڤ بەهای ئەخلاقی داناوە . بەم پێیە قۆناغی مێژوو لای نیچە بریتیە لە قۆناغی ئەخلاق ، بەڵام قۆناغی پێش مێژوو ئەو قۆناغەیە کە ئەخلاقی تێدا نەبووە . لەداهاتوشدا دەبێت مرۆڤ ئەخلاق تێپەڕێنێت ، ئەویش لەڕێگای تێکشکاندنی سەرجەم بەها باوەکانەوە . . لێرەوە تێدەگەین کاری سەرەکی ئێمەی مرۆڤ ، ئێمە ی ئازادی خوازان ، ئێمەی ڕۆشنبیران ، ئەوەیە شۆڕش لەدژی سەرجەم بەهاباوەکان بەرپابکەین ، تێکیان بشکێنین ، بەرەیەکی عەمەلی و واقعی دروست بکەین ، تاڕێگە لەڕودانی ئەم کارەساتانە بگرین ، بەڵام ئەگەر ئێمە ئەم بەهایانەمان گۆڕی ؟ لەجێگایان چی دابنێین ؟ پێویستە لەجێگایان بەهای مرۆڤانە وزانستی و ئازادی خوازانە دابنێین . پێم وایە کاری ئەم دوو بەرێزەش ، ئەگەر چی بەزمانێکی کەمێك زبر نوسراوە ، بەڵام هەر لەم سیاقەدایە ، تابیسەلمێنن ئەم شتانە حەقیقەتی تەواو نین .

بەڵام داخۆ ئەوەی بەرامبەر بەم بەرێزانە و سەدانی تر کراوە لە کوردستاندا ، ئێمەی ئازادی خوازانی توشی ڕاچەنین و شۆك و ئیستغراب کردوە ؟ دەسەڵات و هێزەکانی ناو کۆمەڵگا چەندە بیرو باوەڕەکان خەست ترو توندتر بکەنەوە ، زیاتر بەرەو دۆگما بوون و بەئایدۆلۆژیاکردنی نابەن ؟ .

بیرو باوەڕە دۆگماکان زیاتر هەڕەشەن بۆ سەر حەقیقەت نەك درۆ ( نیچە ) ...

لێرەشەوە کۆمەڵگا دەبێتە دووبەش ، دووبەرە ، بەرەیەکی تیرۆرست ، بەرەیەکی دژە تیرۆر ، بەرەی پارێزەری بەها دۆگماکان و بیرو باوەڕە باوەکان ، بەرەیەکی ئینسان دۆست و ئازادی خواز ، کەهیچ نیە دیفاعی لێبکات جگە لە مرۆڤ و بەهاکانی .. نەبوونی کۆمەڵگا بەم دوو بەشەوە سەبەبی سەرەکی هەموو ئەو مەهزەلەیەیە کەبە کەرامەتی مرۆڤ دەکرێت لەم دەڤەرەدا



Nya-78@hotmail.com